کەمسیۆن داوا لە سەرکایەتیی هەرێم دەکات وادەیەکی نوێ بۆ هەڵبژاردن دیاری بکات

دوای دەستکردنەوە بە کار و ئامادەکارییەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و درێژکردنەوەی ماوەکەی لۆلایەن پەرلەمانی عێراقەوە، کەمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، داوای دیاری کردنی وادەیەکی نوێ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکات.

جومانە غەلای، وتەبێژی کەمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق رایگەیاند، " ئێنجومەنی کەمیسیاران کۆبوونەوە و بڕیاریداوە بۆ نوسراو داوا لە سەرکایەتیی هەرێمی کوردستان بکرێت بۆ ئەوەی وادەیەکی نوێ بۆ بڕوانچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دیاری بکرێت. ".

کۆتا وادە سەرکایەتی هەرێمی کوردستان، رۆژی 10ی حوزەیرانی 2024ی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان دیاریکردبوو، بەڵام بەهۆی سکاڵاکەی مەسرور بارزانی، سەرکی حکومەتی هەرێم لەو دادگای فیدراڵی کارەکانی کەمسیۆن راگیران و دواتر دادگای فیدراڵی سکاڵاکەی سەرکی حکومەتی رەتکردەوەو بڕیاریدا کەمسیۆن دەست بەکارەکانی بکاتەوە.

جومانە غەلای وتیشی، "بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی و دەستی ئەنجومەنی دادوەری هەڵبژاردن، کاریگەریی لەسەر خشتەی کاری کۆمیسیۆن دروستکرد بۆ بڵاوکردنەوەی هەڵبژاردن لە 10-06-2024، بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆمیسیۆن نییتوانی لەم وادەیدا هەڵبژاردن بڵاوبکاتەوە."